# چەند ساتێک بۆ ئاخاوتن لەگەڵ میوانێک لە هەندەرانەوە

**ئامادەکردنی: بەیان هەورێ**

هەندێک جار دەکەوینە قسە و باس سەبارەت بەو کوردانەی ڕوو لە هەندەران دەکەن یەکەوسەر هەندێک وشە دەردەبڕین کە ڕاهاتووین چەندین جار دووبارەی بکەینەوە. وەکو باشە ئەو خەڵکە بۆ ڕوو لە هەندەران دەکات؟ خۆشی هەندەران لە چ دایە؛ چی فێر دەبێت، ئەمانە چ سوودێکیان دەبێت بۆ گەلەکەیان؟ و... هتد. بەرلەوەی بیر لەلایەنە پۆزەتیڤەکانی بکەینەوە. ئێمە وا ڕاهاتووین سەفەرکردنی کوردەکان بۆ هەندەران بەچەند خاڵێکی سلبی لێک بدەینەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی خاڵە ئیجابییەکانی، دیارە کەسانێکیش هەن لە هەندەران پەرە بەخوێندن و زانست دەدەن بەگەلێک دەستکەوت دەگەڕێنەوە وڵات نموونەی ئەم جۆرە مرۆڤە لە خۆبوردووانە زۆرن.

کۆڤاری شاووشکا بۆ ئەو مەبەستە بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی کرد لە ئافرەتێکی کورد کە ماوەیەکی زۆرە لە شاری ئۆپسالای سوید ژیان بەسەر دەبات.

ئەویش بەڕێز (خالیدە ئاکرەیی)یە.

*** با لەوەوە دەست پێ بکەین خالیدە ئاکرەیی کێیە؟**

– ناوم خالیدە بەیتوڵلا شوکرییە، ساڵی ١٩٧١ لە شاری ئاکرێ لە دایک بووم، ساڵی ١٩٧٥ بەخێزانەوە ئاوارەی ئێران بووم لە کۆتایی ١٩٨٩ سەفەری وڵاتی سویدم کرد، ئێستا خاوەنی دوو مناڵم.

*** ئیشوکارت لە ئەوروپا چییە؟**

– بەڕێوەبەری بەشی کۆمپیوتەرم Computer and System Science لە زانکۆی ئۆپسالا هەروەها وانە بەقوتابیانی ماجستێر دەڵێمەوە ئێستاش هەوڵی خوێندنی باڵا لەبواری کۆمپیوتەر دەدەم.

*** وەک ئافرەتێکی لێهاتوو و ڕۆشنبیر بیرت لەوە**



خالیدە ئاکرەیی لە کاتی چاوپێکەوتن

**نەکردۆتەوە لە ڕێگای ڕێکخراوێکدا ڕۆڵی ئافرەتی کورد دیاری بکەیت و بەخەڵکی ئەوروپای بناسێنیت؟**

– بیرمان لەوە کردۆتەوە کە ڕێکخراوێک هەبێت و ئێمەش بتوانین لەو ڕێگایە ئافرەتی کورد و کولتوور و ڕۆشنبیری کوردی بەخەڵکی ئەوروپا و جیهان بناسێنین بەڵام ئەم ماوەمان نییە یان هەوڵەکە وەک پێویست نەبووە بەقازانجی ژنی کورد بێت بۆ نموونە ماوەیەک بەر لە ئێستا کۆمەڵێک ئافرەتی سویدی و کورد و وڵاتی تر کۆبووینەوە بەنیازی ئەوەی ڕێکخراوێک پێک بێنن بەقازانجی تێکڕای ئافرەتان کەچی هەوڵەکە سوودێکی ئەوتۆی نەبوو زیاتر لە دانیشتنەکان وتووێژێکی بێ ئەنجام بوو ئەمەش نە لە قازانجی ڕێکخراوەکە و نە لە قازانجی ئافرەتی کوردبوو.

*** چ جیاوازییەک دەبینی لە نێوان ئافرەتی کورد و ئافرەتی ئەوروپا؟**

– من ئەم جیاوازییە دەگەڕێنمەوە سەر خودی ئافرەتەکە جا کوردبێ یان ئەوروپی بێ، چونکە

**ئافرەتانی ئەورووپا زیاتر ئازادن ئەمەش بواریان بۆ زیاتر دەڕەخسێنێ کە لە مەیدان بن بتوانن توانای خۆیان بخەنە گەڕ و سەربەستانە کاربکەن**

ئافرەت خۆی دەتوانێت خودی خۆی پێ بگەیێنیت خۆی چی لە بارابێ هەر ئەوەیە دەتوانێ دەری ببڕێت بەڵام شتێکی دیکە هەیە کە جیاوازییەکە دەردەخات ئەویش (ئازادی)یە. ئافرەتانی ئەورووپا زیاتر ئازادن ئەمەش بواریان بۆ زیاتر دەڕەخسێنێ کە لە مەیدان بن بتوانن توانای خۆیان بخەنە گەڕ و سەربەستانە کاربکەن. ڕاستە لە کوردستان ئەمڕۆ کۆمەڵێک ئافرەتی ڕۆشنبیر هەن و خاوەنی بڕوانامەن تا ڕادەیەک ئازادن بەڵام هەر ناگاتە ئەو ئازادییەی کە ژنی ئەورووپی هەیەتی واتە ئازادی ئافرەت لە کوردستان سنووری بۆ دانراوە.

*** لەو سەردانەت بۆ کوردستان چ گۆڕانکارییەک دەبینی بەسەر ئافرەتی کورددا هاتبێت بەبەراورد لەگەڵ سەفەری پێشووت؟**

– من لە ساڵی ١٩٩٢ جارێکی تر سەردانی کوردستانم کرد لە سەفەری ئەمجارەمدا بەتەواوەتی گۆڕانکاریم بینی لە کوردستان؛ مەبەستم ئەو پێشکەوتنەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستان ئەبینم بەتایبەتی ئافرەتی کورد زۆر بەپێشکەوتوویی دەبینم. من سەردانی زانکۆم کرد ئەو گۆڕانکارییەم بینی زیادبوونی ڕێژەی ئافرەتانی کورد لە زانکۆ و داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

*** بۆچوونی ئافرەتانی ئەورووپا سەبارەت بەئافرەتانی کورد چۆن دەبینی؟**

– تێروانینی ئەوان سەبارەت بە ئافرەتی کورد زۆر سلبییە، ئەویش بەهۆی ئەو ڕێژەی کوشتنی کچە کوردانەی ئەورووپا بەتایبەتی کوشتنی فاتمە لە ئۆپسالا بەدەستی کەسوکاری

سەدایەکی زۆری دایەوە لە ئەورووپا ئەمە بووە هۆی ئەوەی، کە ئەورووپاییەکان بەچاوێکی تر سەیری کورد بکەن یان دەتوانم بڵێم وەک دڕندەیەک سەیری کورد دەکەن بۆیە ئافرەتی کوردیان بەدیل و ژێردەستە دێتە بەرچاو. ئەورووپاییەکان هەمیشە لایەنە خراپەکانی کورد باس دەکەن هەر ڕووداوێک ڕوودەدات هەر زوو لایەنە سلبییەکەی وەردەگرن و دەیکەنە سەردێڕ و مانشێتی ڕۆژنامەکانیان.

*** کۆمپیوتەر وەک ئامێرێکی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتن چ کاریگەریەکی هەیە بەسەرت؟**

– بەگشتی کۆمپیوتەر کاریگەری باشی هەیە بەتایبەتی بۆ من وەکو ئافرەت کە کاری دەرەوە و ماڵەوە دەکەم ئەمەش زیاتر کاتم لێ دەگرێت بەڵام لە ماڵەوە دەتوانم بەهۆی ئەنتەرنێت ئاگام لە زۆر گۆڕانکارییەکانی دەرەوە بێت وەک خوێندنەوەی کۆڤار و ڕۆژنامە و هەواڵ، وێڕای پەیوەندی کردن بەکەسانی تر و سووککردنی کار و ئەرکەکانم یان شارەزایی زیاتری کۆمپیوتەر و دانانی بەرنامە و زانستی نوێ... هتد.



خالیدە ئاکرەیی لەگەڵ ئەندامانی سەنتەری شاووشکا

*** ئەو زانیاریانەی کە هەتە سەبارەت بەتەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی کۆمپیوتەر هەوڵت نەداوە بیگەینیتە کوردستان؟**

– بەڵێ هەوڵم داوە ئەم زانیاریانە پێشکەش بەکوردستان بکەم چونکە حەز دەکەم وڵاتی منیش وەک وڵاتانی تر پێشکەوتوو بێت.

*** لە ڕووی زانستەوە چیت کردووە بۆ پێشکەوتنی گەلەکەت؟**

– پێش چەند ساڵێک

**ئەورووپاییەکان هەمیشە لایەنە خراپەکانی کورد باس دەکەن هەر ڕووداوێک ڕوودەدات هەر زوو لایەنە سلبییەکەی وەردەگرن و دەیکەنە سەردێڕ و مانشێتی ڕۆژنامەکانیان**

داوایەکم پێشکەش بەحکومەتی سویدی کرد سەبارەت بەئالۆگۆری زانست ئەویش بەرێگای ناردنی قوتابی و مامۆستا بۆ ولاتی سوید و هەروەها ناردنی مامۆستای سویدیش بۆ کوردستان و گۆرینەوەی زانست و زانیاری لە نێوان کوردستان و ولاتی سویددا بەلام بەداخەوە حکومەتی سویدی رازی نەبوو، ئێستا هەولی ترم داوە لە چەند لایەنێکی تر کە یارمەتیم بدەن بۆ ئەم مەسەلەیە.

*** بایەخی کۆمپیوتەر چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

– ئەوەی من بینیومە هێشتا هەنگاوی یەکەمە واتا لە سەرەتادایە، لێرە ئامێری چاپ ( طابعة) بەکاردێت وەک پێویست فێری شێوەی زانستی نەبوونە بەلام لێرەدا حەز و ئارەزوو زیاترە بۆ فێربوون ئەمەش مایەی خۆشحالییە بۆ زیاتر روونکردنەوەی قسەکەم حەز دەکەم شتێکتان بۆ باس بکەم لە سەردانی ئەمجارەم بۆ کوردستان واتا لە خالی پەرینەوەی نێوان سوریا و سنووری کوردستان زانیارییەکانیان کە لە خەلکی وەردەگرت بەشێوەی قەلەم و کاغەز بوو لە خالی دووەمیش بەهەمان شێوە قەلەم و کاغەز بەکار دەهات بەلام لە خالی سێیەم جا کۆمپیوتەر هەبوو کە ناوەکانیان داخل دەکرد من بروام وایە لە هەموو خالەکان لە بوارەکانی تریش پێویستە هەر کۆمپیوتەر بەکار بێت کارەکە ئاسانتر دەکات.

*** چەند زمان دەزانیت قسەی پێ بکەیت؟**

– کوردی کە زمانی دایکە، فارسی – سویدی- ئینگلیزی.

## چاکترین رێگا بۆ وشیاری و پێگەیاندن بەرێگای دەستوور و راگەیاندن دەبێت

*** چ دەخوازیت بلێیت بۆ ژنی کورد؟**

– هیوادارم ژنی کورد بتوانێت خۆی پەروەردە بکات با چاوەرێی پیاو نەبێت هەقی بداتێ چونکە ئەگەر بەو هیوایە بێت ئەوا هەرگیز چاوی پێ ناکەوێت. پێم وایە ئەمە کاری راگەیاندنە کە هەولی پەرەپێدانی هاندانی خەلک بدات چاکترین رێگا بۆ وشیاری و پێگەیاندن بەرێگای دەستوور و راگەیاندنە.

*** سەنتەری شاووشکا بۆ چالاکی رۆشنبیری چۆن دەبینی؟**

– زۆر پیرۆز و بەرێزی دەبینم کە کۆمەلێک ئافرەتی لێهاتوو و بەتوانا و خاوەن بروانامە بەشێوەیەکی زۆر مەدەنی لەو سەنتەرە کاردەکەن، ئەم سەنتەرە بەشوێنێکی چاک دەزانم بۆ کۆکردنەوەی خەلکی رۆشنبیر بۆ گفتوگۆ و را دەربرین.

بەلام شتێک هەیە لێرەدا حەز دەکەم بیلێم لەوەتەی لێرە دانیشتووم هەر باسی پێشکەوتن و پەرەپێدان و یەکسانی دەکەن کەچی لەو سەنتەرە رۆشنبیرە و پێشکەوتووە تەنها پیاویکیشتان لەگەلدا نییە ئەمە خۆی لە خۆیدا جیاکردنەوەی ئافرەتانە لە پیاوان. ئێمە پیاوی رۆشنبیریشمان هەیە بۆیە پێویستە تێکەل بکرێن بۆ پەرەپێدانی بەهرە و زانستەکان با ئەو دیوارەش نەمێنێ کە ژن و پیاو لەیەک جیا دەکاتەوە.

*** بەناوی شاووشکا زۆر سوپاست دەکەین هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیت بۆ دەخوازین.**

– منیش زۆر سوپاستان دەکەم هیوای سەرکەوتن بۆ کۆڤار و سەنتەری شاووشکا دەخوازم.

**خۆشەویستانی شاووشکا**
**شاووشکا ئامادەیە لەسەر لاپەرەکانیدا لە ئارەزوو و، خەون و کێشەکانتان بدوێت و ئەو لەمپەرانە راهی بکات، کە دەبنە کۆسپ لە رێگەی پێگەیشتنتان**